کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا   16-5-2007 23:25

## مەرامی تیرۆر و خواستی دووژمن ... بڵند نەورەس رەشید

هەڵبەتە تیرۆر فۆرمێکی جیهانی وەرگرتوەو وەك کردەوەیەکی دژ بە بونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەدای کاری خۆی دەکات بە بی جیاوازی کردن لەشێوەو سیستەمی حکومرانی هەر کۆمەڵگاو میلەت و دەوڵەتێك، بە شێوەیەکی گشت گیرو بەردەوام.



هەڵبەتە کوردستانیش بەشێکی دانەبراوە لەم جیهانە لە روی رامیاری و ئابووری و دیبلۆماسیەوەو لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوخۆی و عێراقی و ناوچەکەدا کورد سەنگی خۆی هەیەو بەشێکی گرنگی ئەم هاوسەنگیەش بەستراوە بە شێوەی مامەڵە کردنی سەرکردەی سیاسی کوردستان لە سەر ئاستە ناوچەیی و دەرەکێکاندا.
هەڵبەتە ئەم سەنگەی کوردیش لەم هاوکێشەیەدا جێگای مەترسی زۆرێك لە پێکهاتەکانی عێراق و وولاتانی دەوروبەرو ناوچەکەیە کە ئەم رۆڵە بالایەی کورد بە مەترسی دەبینن لە بەردەم بەرژەوەندیەکانیاندا ئەمەش وای کردووە کە بەردەوام لە هەوڵی تێکدانی ئەم هاوکێشەیەدا بن کە کورد بەشێکی زۆری لە ئەستۆ گرتووە!
بەلام ئەدای رامیاری سەرکردایەتی کوردستان تایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی راستیەکی بەرجەستە کردووە کە خۆی لە واقع بینی و دووربینی دۆزی کورددا دەبینێتەوەو لە سەر ئاستە جیاوازەکانی گۆرەپانی سیاسی لە روی مامەڵەو گفتوگۆو گوێگرتن و لێبوردنەوە کە ئەمانەش بۆ خۆی بەشێکی گرنگی خەسڵەتی میلەتی کوردی پێکدەهێنێت.
ئاشکرایە کە ناحەزان و دوژمنانی کورد و کوردستانیش ئەم رۆڵەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە جۆرێك لە بێدەسەلاتی خۆیان ئەبینن و یەکانگیر نیە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا لە ناوچەکەدا بە هۆی جیاوازی لە شێوەی حکومرانی و دەسەلاتیاندا لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ پێشهات و روداوەکاندا کە زۆر بە خێرایی گۆرانی بەسەردا دێت، ئەمەش وایکردووە کە سەرکردایەنی سیاسی کوردستان بە لێزانانە مامەڵی دروست بکەن لەگەڵ گشت پێشهاتەکانداو لە هەر ویستگەیەکدا رای خۆی هەبێت کە دواجار بە بەرژەوەندی میلەتی کورد و سەرکردایاتی سیاسی کوردستاندا دەشکێتەوەو هەوڵی بەردەوامی کوردیش بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا خاڵێکی تری لاوازی دوژمنانی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوە ژیانە.
هەروەها دواین سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ ئەوروپاو قسە کردنی لە پەرلەمانی ئەوروپادا بە زمانی کوردی و پێداگرتنی لە سەر مافی رەوای میلەتی کوردو سوربوونی لەسەر جێبەجێ کردنی مادەی 140 لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا وەك چۆن لە دەستوری عێراقدا ئاماژەی پێکراوەو و پێشوازی لێکردنی لەسەر ئاستی سەرۆك وولاتێك خۆی بۆ خۆی جێگای پرسیارو سەرسورمان و بێ ئومێدی دوژمنان و ناحەزانی کوردە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:25 16-5-2007

ناکرێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە بۆ ماوەی دوو ساڵە کوردستان خۆی لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا دەبینێتەوەو ژیان لەم بەشەی عێراقدا ئاساییەو مافەکانی خەڵك پارێزراوەو ئاوەدانیەکی بەرچاو پارێزگاکانی کوردستانی گرتۆتەوە تایبەت پایتەختی کوردستان و کار لەسەر دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز دەکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

هەروەها خۆ بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی 17 ساڵ و بەردەوام بوونی لە پێشکەش کردنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری و چاك کردنی بژێوی ژیانی خەڵك و کاراکردنی رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دروست کردنی بواری کار و جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان... تد، ئەمانە بەشێکن لە ئەزموونی حکومرانی کوردستان و لە ناوچەکەدا سەرەرای بوونی کەموکوریش بەڵام بە ئەزموونێکی سەرکەوتو ئەژمێرێت لەسەر ئاستە باڵاکان.

بۆیە ئەم هۆکارانەی سەرەوەو چەند هۆکارێکی تر بونەتە هۆی نارەحەتی و بێزاری دوژمنانی کوردستان و بەردەوام لە ئامادەباشیدان بۆ لەبار بردنی ئەم رەوشە ئارامەو تێکدانی کە ئەمەش بۆ خۆی لە لایەن کوردەوە چاوەروانکراوەو بەردەوامیش رێو شوێنی ئەمنی تۆکمە گیراوەتە بەر، بەڵام ئەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت کە ئەمە دوا ساتەکانی ئارامی نیەو ئەو رێگەیەی کە کورد بەردەوام خۆی لە پێناودا بەخت کردووە دوا هەنگاوەکانی نیەو هێشتا شورشیش بەردەوامە بەڵام شورشی ئەم سەردەمە شورشی هزرو رامیاری و گفتوگۆو دانیشتنە لای کورد، لای تیرۆریستانیش زمان زمانی کوشتن و برین و خۆتەقاندنەوەیە بە گیانی خەڵکی بێ گوناحدا.

ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو چۆکمان بۆ هیچ رژێمێك دانەیاوەو بە هەموو هێزێکیانەوە لێیانداوین و سەرکوتیان کردووین بەڵام ئەم ئەزمونەی ئێستامان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەبات و رەنجی شانمانە بۆیە مەحاڵە هیچ تیرۆر و هێزێك بتوانێت خۆی لەبەردەم ئیرادەی میلەتی کوردا پێ رابگرێت، مێژووش شاهیدی ئەزموونی گەلی کورد و کوردستانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.